# پەپولە

١٩٩

www.ksc-kcf.org
pepule1992@yahoo.com
pepule1992@hotmail.com
facebook.com/pepule-Magazine

Kurdistan Save the Children's Fund
KSC KCF
منداڵپارێزی کوردستان



گۆڤارێكی رۆشنبیری پەروەردەیی منداڵە، منداڵپارێزی كوردستان لە سلێمانی دەریدەكات. ژمارە(١٩٩) -٢١ی ئایاری ٢٠١٤ / ٢١ی گولانی ٢٧١٤ ك / ژمارە (١) ی پەپولە لە بەهاری ١٩٩٢دا دەرچووە.

مندالپارێزی کوردستان
Kurdistan Save the Children Children's Fund

خاوەن ئیمتیاز
**هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد**

سەرنوسەر
**یاسین قادر زرگوێزی**

ستافی نوسین
**نەریمان عوسمان**

هونەریی
**غەمگین فەتاح**

دیزاین
**ئاراس مەحمود**

تیراژ
**پێنج هەزار دانە**

ناونیشان
**سلێمانی - مندالپارێزی کوردستان**

تەلەفۆن
٣٣٠١٠٤٢-٣٣٠١٠٤٣
٣٣٠١٠٤٤
٠٧٧١٥٩٩٠١١١

لەمێژوی ( ٢٠١٠/١/٢٨ ) دا
ژمارە متمانەی(٣٢ ) ی لە سەندیکای
رۆژنامەنوسانی کوردستان وەرگرتوە.

ئینتەرنێت
www.ksc-kcf.org
www.facebook.com/pepule-Magazine
E-mail: pepule1992@yahoo.com

چاپخانە
**کەکۆن**

دابەشکردن
**کۆمپانیای نێوەند**
٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣

PAPOOLA: Monthly Cultural & Educational Child Magazine. Issued by: Kurdistan Save the Children
VOL.199 - May-2014


# چرپەی داپیرە



کاتی تاقیکردنەوەکان بو. نمنم و کاڵێ پێکەوە سەرقاڵی کۆششبون لە وانەی کوردیدا. گوێم لێبو نمنم دەیوت: من هیچ دارشتنێک لەبەرناکەم، بەڵام بەجوانی دەیخوێنمەوە تا تێیدەگەم و دواتر خۆم دایدەرێژمەوە. کاڵێش ئەیوت: من سێ دارشتنم لەبەرکردوە، یەکێکیان هەر دێتەوە. بۆ ئەوەی پشویەک بدەن شوتیەکم قاشکردو بانگمکردن. کە هاتنە لام، نمنم وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی باسێکی دامەزراند، رویکردە کاڵێ و وتی: باشە، بە بۆچونی تۆ جوانیی و ناشیرینی مروڤ لە چیدایە؟ کاڵێ، کەمێک بیریکردەوەو وتی: بە بۆچونی من جوانیی وناشرینیی لە دەموچاودایە، هەیە جوانەو هەیە ناشرینە! تۆش وا نالێی داپیرە؟! وەک رێزێک بۆ قسەکەی سەرێکم باداو وتم: راستە، بەڵام بە بۆچونی من مرۆڤی جوان و مرۆڤی ناشرین نییە. مرۆڤەکان هەمویان جوانن، تەنها ئەوەندە هەیە هەندێکیان بە هەڵسوکەوتی ناشرین یان قسەی نابەجێ خۆیان ناشرین دەکەن. هەر کە قسەکەم تەواوکرد، نمنم بە پەلە چو پێنوسێک و پارچە کاغەزێکی هێناو وتی: چی چی داپیرە، بیڵێرەوە. کاڵێ وتی: ئەوە چییە؟! دەینوسیتەوە. نمنم، دوای ئەوەی رستەکەی نوسینەوە، وتی: کاڵێ گیان، من بۆ نوسینی دارشتن سود لە خوێندنەوەی دەرەکی و وتەی ناوداران و رۆشنبیران وەردەگرم. ئەگەر بەیانی دارشتنەکە لەسەر جوانیی مرۆڤ بو، ئەم وتەیە هەر بۆ ئەوە جوانە لە دارشتندا بەکاریبهێنیت.

**سەرنوسەر**

# هۆنراوە

وێنە: ئیسماعیل عومەر حەسەن

## پیشانگە



خۆشبو وەکو سنەوبەر　　باڵام بەرزو ڕێک بوایە
بە کامێرای ئەندێشە　　هەر وێنەم بگرتایە
وێنەی ئەو باخچە جوانەی　　گوڵ و پەپولەی تیایە
یان نیشتمانی ماسی　　کە ڕوبارو دەریایە
یان وێنەی شاری یاریی　　کە بە منداڵ ئاوایە
وێنەی بەبە بچکۆلەش　　لە نێو باوەشی دایە
وێنەی بابەی شیرینیش　　کە خەندەی لە لێودایە
ئەوسا گشت وێنەکانم　　دەخستنە ناو چوارچێوە
دەمکرد بە پیشانگەیەک　　هەتا ببینن ئێوە

عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی

## زمان



خۆشە زمانی دایە
بە هۆنراوەو لایلایە
بەستەو گۆرانی کوردی
حاڵی دەبم بە وردی
بیرم دەبوژێتەوە
مێشکم دەگەشێتەوە
ڕۆژی روناکم هەڵدێ
روناک دەبێ شارو دێ
زمانی دایە خۆشە
هەوێنی بیرو هۆشە

عەلی گوڵی/ کوردستانی ڕۆژهەڵات

## سوپاس



سوپاس بۆ ئەو داربڕەی　　داری تەڕ نابڕێتەوە
لەسەر نەخشەی خاکەکەم　　ڕەنگی سەوز ناسڕێتەوە
نەمامی نوێ دەنێژێت　　سروشت ئاشتدەکاتەوە
ئامێز بۆ خۆشەویستی　　دارستان دەکاتەوە
سوپاس بۆ ئەو ڕاوچییەی　　واز لە ڕاوکردن دێنێت
باڵندە ئازاد دەکات　　دەرگەی قەفەز دەشکێنێت
سوێسکەو ئاسکەکێوی جوان　　لەخەو ڕاناچڵەکێنێت
چیا بریندار ناکات　　کەروێشک ناتۆرێنێت
چەم و روبار زیز ناکات　　کەو لە کۆسار ناسێنێت
ئازادی دەداتە مەل　　بە سەربەستی بخوێنێت
سوپاس سوپاس، زۆر سوپاس

ئاکۆ محەمەد سابیر / سوید

# مشکەچکۆل و مانگ

لەفارسییەوە: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان
وێنە : سەرتیپ فەتاح



چەند ساڵێک لەمەوبەر لە دارستانێکی زۆر زۆر دور لێرەوە، مشکێکی چکۆلە لەگەڵ دایکیدا دەژیا. دایکی هەمو بەیانیەک لە کونەکەی دەچوە دەرەوەو خواردنی بەتامی بۆ دەهێنایەوە. کاتێ مشکەچکۆل کەمێ گەورەتر بو، بە دوای دایکیدا دەچوە دەرەوە، بەڵام دایکی ڕێگەی نەدەدا بە تەنها بروات بۆ شوێنان، تەنیا ئەوکاتە نەبێ کە بۆ یاریکردن لەگەڵ هاوڕێکانیدا دەچوە دەرەوەو پێش ئەوەی شەو دابێ دەگەڕایەوە ماڵەوە. مشکە چکۆل زۆری حەزدەکرد کە بزانێ شەو چییە. دایکی بەڵێنی پێدابو کە تۆزێک گەورەتربو ڕێگەی بدات شەوانیش بچێتە دەرەوە. تا شەوێک دایکی پێیوت: ئێستا گەورەیت و دەتوانی شەوانیش بچیتە دەرەوە. برۆ تەماشایەکی ئاسمان بکە.



مشکەچکۆل بە دڵێکی خۆشەوە چووە دەرەوە. شەوێکی تاریک و ساردبو. بە لوتە چکۆل و سمێل و گوێیەکانی هەستی بە سەرماکە کردو وتی "کەواتە شەو بەم جۆرەیە!!" ئنجا سەیرێکی ئاسمانی کرد، لەناو تاریکیدا شتێکی خڕو زەردو روناکی بینی، هاواریکرد: بڕوانە! بڕوانە! دایکی پێکەنی و وتی: کوڕم، ئەوە مانگە. مشکەچکۆل پرسی: زۆر لە ئێمەوە دورە؟ دایکی وتی: بەڵێ زۆر زۆر دورە، لەوپەڕی بەرزی ئاسمانە. مشکەچکۆل پرسی: بۆچی لەوێیە؟ دایکی وتی: بۆ ئەوەی بدرەوشێتەوەو روناکیمان بداتێ. مشکە چکۆل وتی: مانگ لەچی دروستبوە؟ دایکی وتی: نازانم، بەڵام بیستومە کە لە پەنیر دروستکراوە، بڕواش ناکەم وابێت. مشکەچکۆل وتی: حەزدەکەم بچم بۆ لای مانگ. دایکی پێکەنی و وتی: ئەمشەو نا. وەرە با بچینە ژورەوە، ئێستا کاتی نوستنە.



لەو شەوە بەدواوە مشکەچکۆل هەمیشە بیری لە مانگ دەکردەوەو لەدڵی خۆیدا دەیوت "دەبێت مانگ چەند لە ئێمەوە دور بێت؟" تا ڕۆژێک هەمان پرسیاری لە دایکی کردەوەو دایکی وتی: زۆر دورە. دورترە لە سەوزەگیاکان، لەکێڵگەی گەنمەشامییەکەی دەوروبەری گوندو تەنانەت لە کێڵگەی گەنمە زەردەکەش. شەوێکیان هێشتا دایکە مشک لە دەرەوە نەگەڕابۆوە. مشکەچکۆل بە خۆی وت "ئەی دایکم پێی نەوتم کە گەورەبوم و دەتوانم شەوانیش بە تەنیا بچمەدەرەوە! کەوابو من دەتوانم بچم بۆ لای مانگ" ئەمەی وت و چووە دەرەوە. ئاسمان هەورو تاریک بو، مشکەچکۆل نەیدەتوانی مانگی گەورەو خڕو زەرد ببینێ. لە دڵی خۆیدا وتی "دەبێ بڕۆم مانگ بدۆزمەوە"



مشکە هەر رۆیشت، هەر رۆیشت تا لە سەوزە گیاکان رەتبو، کێڵگەی گەنمەشامیەکەو پاشان گەنمەزەردەکەشی تێپەراند، بەڵام ئاسمان هەر رەش و تاریک بو. مشکەچکۆل گەیشتە شوێنێ، دەنگەدەنگێکی زۆری هاتەبەرگوێ و گلۆپێکی زۆرو کۆمەڵە خانویەکی زۆری لێبو. لەو کاتەدا بەسەر یەکێک لە خانوەکانەوە مانگی بینی. بەپەلە بەرەو خانوەکە چو، چاوی بە پلیکانەیەک کەوت کە دەچوە سەر خانوەکە. بیریکردەوە "بەدڵنیاییەوە ئەمە رێگەی مانگە". بە پلەکاندا سەرکەوت و گەیشتە بەر دەرگەیەک. لە دڵی خۆیدا وتی "دەبێ ئەمە دەرگەی مانگ بێت" و چوە ژورەوە. لەوێ شتێکی بینی کە دڵنیابو گەیشتوە بە مانگ. بەڵێ لەسەر مێزێک شتێکی گەورەو خڕو زەردی لێبو کە لە پەنیر دروستکرابو.



مشکەچکۆل کە چاوەکانی ئەبلەق بون، هاواریکرد: ئەمە مانگە! ئنجا چوە سەر کێکەکەو دەستیکرد بە خواردن. ئەوەندەی خوارد تا تێربو. بە خۆی وت "بەخوا مانگێکی بەتامە" پاشان بە هەمان ئەو پلیکانانەی کە پێیدا سەرکەوتبو دابەزی و لە ماڵەکە چوە دەرەوە. هەر رۆیشت و هەر رۆیشت. لە کێڵگەی گەنمە زەردەکان رەتبو، کێڵگەی گەنمەشامیەکەشی بەجێهێشت و لە سەوزە گیاکانیش تێپەری و گەیشتە ماڵەوە.




لەوێ دایکی بینی کە لەبەر دەرگە دانیشتبو. دایکی لێپرسی: ئەوە تا ئێستا لەکوێ بوی؟ خۆ من شوێن نەما بەدواتدا نەگەڕێم. مشکەچکۆل وتی: چوم بۆ لای مانگ. مانگ گەورەو خرو زەردە، لە پەنیر دروستکراوەو زۆریش بەتامە. دایکی پێکەنی و وتی: چکۆلە قسەخۆشەکەم، من وتم دەتوانی شەوان بچیتە دەرەوە، بەڵام دەبوایە زوتر بگەڕێیتەوە، ئاخر من نیگەرانت بوم. شەوی دواتر مشکەچکۆل سەیرێکی ئاسمانی کرد، باران نمنم دەباری. هەمو شوێنێ تاریک بو، مانگ نەدەبینرا.

مشکە چکۆل نیگەران بو، لەدایکی پرسی: مانگ لە کوێیە؟ دایکی وەڵامیدایەوە: ئەمشەو ئاسمان هەورەو باران دەبارێ، مانگ لەپشت هەورەکانەوەیە.



باران چەند شەوو رۆژێک بەردەوام بو. مشکە چکۆل هەمو شەوێ لە لانەکە دەچوە دەرەوە، بەڵام مانگی نەدەبینی. تا شەوێک بارانەکە خۆشیکردەوەو هەورەکان رۆیشتن و مانگ دەرکەوت. مانگ درەوشاوەو رۆشن بو، بەڵام وەکو پێشو گەورەو خر نەبو. تەنیا بەشێکی بچوکی لێ مابۆوە. لاکەی تری مانگ نەمابو. مشکە چکۆل بە پەشۆکاوییەوە دایکی بانگکردو وتی:

سەیرکە، من بەشێکی زۆری مانگم خواردوە. دایکی پێکەنی و وتی:

کەواتە! تۆ مانگت خواردوە. هەر باشە کە هەمویت نەخواردوە، ئەگەرنا ئێستا بێ مانگ دەبوین.

# نیشتمانەکەمان بناسین

## شارۆچکەی دارەتو



دارەتو یەکێکە لە شارۆچکە دڵگیرەکانی باشوری کوردستان و سەر بە پارێزگەی هەولێرە. دەکەوێتە باشوری شاری هەولێرەوەو تەنها چەندکیلۆمەترێک لێیەوە دورە. ئەم شارۆچکەیە کەوتۆتە (دەشتی هەولێر)ەوە کە خاکێکی یەکجار بەپیتی هەیە. مێژوی دروستکردنی ئەم شارۆچکەیە زۆر کۆنەوەو بەپێی قسەی شارەزایان لە سەردەمی عوسمانلیەکاندا نزیکەی پەنجاماڵێک بوە. ئێستاش حەڤدە گوند دەکەونە سنوری ئەم شارۆچکەیەوە. شارۆچکەکەش خۆی لە شەش گەرەک پێک دێت بە ناوەکانی دارەتوی نوێ، نیشتمان، هەرێم، کوردستان، برایەتی و ژین. ژمارەی دانیشتوانی ئەم شارۆچکەیە نزیکەی شەست هەزار کەس دەبن. وشەی دارەتو لە ( دار+ تو) وەوە هاتوە. کاتی خۆی لە نزیک گوندەکەوە بیرێک هەبووە کە دو دارتوی گەورەی لێبوە، ئیتر گوندەکە ناوی دارەتوی بەسەردا دابڕاوە.

ئا: پەپولە

## باڵندەی کەمەرەی زەوی



جۆرێکە لە خێزانی باڵندەی دەریایی و بە زۆری لە ناوچە گەرمەکانی کەمەرەی زەوی و لە سنوری هەردو زەریای هێمن و هندیدا دەژی. درێژیی لەشی( ٧٦-١٠٢ ) سانتیمەترەو درێژیی باڵەکانی (٩٤-١١٢) سانتیمەترە. پێیەکانی بچوک و ملی کورت و ئەستورە، سەری گەورەیەو کلکی باریکەو نزیکەی (٣٠ ) سانتیمەتر درێژە. لەشی بە پەرێکی سپی چڕ داپۆشراوە لەگەڵ بونی کەمێک پەری پەمەیی و پرتەقاڵی و هەندێ پەڵەی رەشیش بەدەموچاو پشت و کلکیەوە دەبینرێت. لە بەرزاییەوە خۆی دەخاتە ژێر ئاوەوەو گیاندارانی ئاوی وەک ماسی و سکوید* راودەکات. بە کۆمەڵ دەفڕن و پێکەوە نمایشێکی سەرنجراکێش دەکەن. مێیەی ئەم باڵندەیە تەنها یەک هێلکە دەکات کە لە ماوەی (٤٠-٤٦ ) رۆژدا دەتروکێت و باوانیان پێکەوە بەخێویدەکەن.

*سکوید: گیاندارێکی دەریایی نەرمی دە پەلی قاوغدارە .

ئا: دیلان
وێنە: سامان عوسمان

# تولتولێن



یارییەکی کورانەیەو لە نێوان دو منداڵدا دەکرێت. هەر یەکەیان بەردێکی پان دەهێنێت کە هێندەی سەلکە سابونێک بێت و پێیدەڵێن (تول). یەکێکیان تولەکەی خۆی هەڵدەدات بۆ شوێنێک. پاشان منداڵی دووەم تولەکەی خۆی هەڵدەدات بۆ تولی منداڵی یەکەم بۆ ئەوەی بەریبکەوێت. ئنجا:

١- ئەگەر بەریکەوت ئەوا منداڵی دووەم خاڵێک وەردەگرێت. دواتر منداڵی یەکەم لە شوێنی پێکانەوە جارێکی تر تولەکەی هەڵدەداتەوەو منداڵی دووەمیش بە هەمان جۆر تولەکەی خۆی تێدەگرێتەوەو بەم شێوەیە یارییەکە بەردەوام دەبێت.

٢- ئەگەر بەرینەکەوت. ئەوا تولی منداڵی دووەم لەکوێدا گیرسایەوە دەسکاریناکرێت و نۆرەی منداڵی یەکەم دێت کە تولەکەی بکێشێت بە تولی دووەمداو بەم جۆرە یارییەکە بەردوام دەبێت.

جۆرێکی تری تولتولێن هەیە کە هەردو یاریزان بێجگە لە تولەکانی خۆیان. بەردێکی خر دەهێنن کە هێندەی هەلوژەیەک بێت. بەردە خرەکە هەڵدەدەن و پاشان بە تولەکانی خۆیان بەردەکە دەکەنە نیشانە. بۆ هەر پیاکێشانێک خاڵێک وەردەگرن.

# حاجی جندی



نوسەری ناوداری گەلەکەمان، ناوی (حاجی کوری جندی جەواری) یەو ساڵی ( ١٩٠٨ )ی زایین لە گوندی ( یەمانچایر) لە ناوچەی قارس لە کوردستانی باکور لەدایکبوە. لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمدا خێزانەکەیان لە دەست درندەی عوسمانلیەکان رایکردوە بۆ ئەرمەنستان. ساڵی ( ١٩٣٠ ) بڕوانامەی زمان و ئەدەبی لە زانکۆی یەریڤان وەرگرتوەو ساڵی ( ١٩٦٤ ) بڕوانامەی دکتۆرای لە زمان و ئەدەبی کوردیدا وەرگرتوەو ساڵی ( ١٩٦٦ ) زانستگەی یەریڤان پلەی پرۆفیسۆری پێ دەبەخشێ. چەندین میدالیای وەرگرتوەو خاوەنی چەندین وتارو باسی زانستیی و وێژەییەو چەندین بابەتی بلاوکراوەی لە بوارەکانی هۆنراوەو پەخشاندا هەیە. ساڵی ( ١٩٦٧ ) لە یەریڤان رۆمانی (هەواری، بە هاوار گەیشتن)ی بلاوکردۆتەوە. لە ساڵی ( ١٩٩٠ )دا لە یەریڤان کۆچیدوایی کردوە.

# هەمەڕەنگ ٧




## ئەلف و بێ ی نوێ

پەرتوکێکی فێربونی زمانی شیرینی کوردییەو کاتی خۆی لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی دەخوێندرا. یەکێکە لە شاکارەکانی نوسەری گەورەی کورد خوالێخۆشبو ( ئیبراهیم ئەمین باڵدار ). ساڵی ( ١٩٥٣ ) زایینی لە شاری بەغدا چاپکراوەو وێنەکانیشی لە لایەن هونەرمەندی گەورەی کورد ( بەدیع باباجان )ەوە کێشراون. دواتر لە ساڵی ( ١٩٥٦ )ی زاییندا وێنەکانی بە رەنگاورەنگ لە لایەن ژنە هونەرمەندی ئەڵمانی ( ترودی میتڵمان) ەوە دوبارە کێشرانەوە.

ئا: دیاری

## ڕێواس

رووەکێکی کێویلەی بەهارییەو لە چیاکانی کوردستان زۆرە. گەڵاکانی گەورەن و رەنگی گوڵەکەی مەیلەو سپییە. لاسکی لقەکەی راستەوخۆ دەخورێت و تامێکی ترشی هەیە. دەکرێت بە شەربەت و مرەباو لەدروستکردنی سۆسدا بەکاردێت.



ڕێواس لە ( ٩٥٪ ) ئاوەو دەوڵەمەندە بە ڤیتامینەکانی ( A, B,C ) و شەکرو چەوری و خوێ و ترشی (ئۆگزالیک) ی تێدایە.

# سیماف و باران

لەتیف هەڵمەت



دایک و باوکی سیماف بە خەمبارییەوە لە ژوری پشت هەیوانەکەیان روەو ئاسمان دانیشتبون و لە دڵی خۆیاندا لە خــوا دەپاڕانەوە باران بباریٚ. سیــماف لەدایک و باوکی پرســی: ئێوە بۆ وا خەمبارن، سەیری ئاسمانی ساماڵ بکەن چەند جوانــە! دایک و باوکی وتیان: سیماف گیان، ئێمە بۆیە خەمبارین وا مانگیٚ زیاترە زستانەو کەچی هێشتا باران نەباریوە.





سیــماف وتی: ئەگەر باران نەباریٚ چی رودەدات؟ وتیان: ئەگەر باران نەباریٚ ئاو کەم دەبیٚ، ئەو کاتە دارستان و باخ و گژوگـیا وشــک دەکەن و دەغڵــودانِ پێناگات، سـەرئەنــجام گرانی رودەداو مــرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندە برسیان دەبێت. سیماف وتی: باران بە چــێ دەباریٚ؟ وتیـان: گەرمــی خۆر ئاوی دەریاکان دەکات بە هەڵم و هەڵمـەکەش لەبەرزی ئاسماندا چڕدەبێتەوەو دەبێتە هەور، دواتر لە شێوەی باراندا دەباریٚ.



سیماف کە گوێی لەم قسانە بو. گورج بە بۆیەیەکی سپی زیوین وێنەی پەڵە هەورێکی لە کاغەزێکدا دروستکردو ( با ) یەک هەڵیکردو کاغەزەکەی بۆ ئاسمان بەرزکردەوە. پەڵە هەورەکەی سەر کاغەزەکە لە ئاسمان بیری زەوی کردو لە تاواندا بوبە باران و بەسەر زەویدا دایکرد. ئیتر روبارو کانی و کارێزوگۆماوەکان پڕبونەوە لە ئاو و کێڵگەو باخ و دارستان و دەغڵودان تێرئاو بون.





دایک و باوکی سیماف و خەڵک و درەخت و ئاژەڵەکان هەمو سوپاسی سیمافیان کردو دیاریی جۆربەجۆریان بۆ برد. لەو رۆژەوە هەر ساڵی باران نەبارێ سیماف وێنەی پەڵە هەورێک لەسەر کاغەزێک دروستدەکات و دەیدا بە (با) تا بیبات بۆ ئاسمان، ئیتر باران دادەکات و زەوی پڕ لە گوڵ و خەندەوخۆشی و نان دەکات.

# شاری یاری

وێنە: سەرتیپ فەتاح



سمۆرەکە چەند بەڕو دەبینێت؟

تەنها یەک وێنە لەوانی تر جیاوازە، کامەیە؟





جیاوازییەکانی نێوان ئەم دو وێنەیە بدۆزەرەوە.

هەر میوەیەک بگەیەنە بە وەرزەکەی خۆی.






چەند پیت لەم وێنەیەدا دەبینیت؟




ئەم وێنەیە دروست بکەرەوە.



# مشكه‌ چكۆل چی بینیبو

له‌ عه‌ره‌بییه‌وه‌ به‌ده‌ستكارییه‌وه‌ : فه‌رهاد ئه‌حمه‌د به‌رزنجی
وێنه‌ : سه‌رتیپ فه‌تاح



مشكه چكۆل یەكەمجاری بو بە تەنها بچێته دەرەوە. پاش كەمێک بە شڵەژاوی خۆیكردەوە بەماڵداو بە دایكی وت: دایكە، چومە ناو كێڵگەیەک دو گیانداری زڵ هاتنە سەر رێگەم. یەكەمیان كلكێكی درێژو جوتێک سمێڵی درێژی هەبو. گوێیەكانی وەک گوێیەكانی خۆم بون و چاوەكانی گەورەبون. خۆزگەم دەخواست یاریم لەگەڵدا بكردایە، چونكە دەنگێكی نزمی هەبو، هێمن و لەسەرخۆبو، بەڵام دووەمیان شەڕەنگێزو ترسناكبو، پەڕێكی ڕەنگاوڕەنگ و دەنگێكی ترسناكی هەبو. سەری گەورەو سوربو، دو باڵی بەهێزی هەبو كە زۆر بە توندی دەیدان بەیەكدا. بەڕاستی ترسناكبو بۆیە خێرا رامكردەوە بۆ ماڵەوە.



دایكی باوەشی پێداكردو وتی: چەند دڵخۆشم كە بە ساغی گەڕایتەوە، چونكە تۆ لە مەترسیدا بویت. ئەو هاورێ هێمن و لەسەرخۆیەت پشیلەبووە كە ئارەزوی زیان گەیاندنە بە ئێمە، بەڵام گیانلەبەرە دەنگ گەورەكە كەڵەشێربوەو هاورێیەكی زۆر باشەو ئەو دەنگەدەنگ و باڵ راوەشاندنەی بۆ ئەوە بوە كە تۆ رزگاربكات. ئاگادار بە بچكۆلەكەم، روكەش و رواڵەت سەرت لێ تێكنەدەن.



# بۆچی درێژی شەو و ڕۆژ لەسەر زەوی ( ٢٤ ) کاژێرە؟

درێژی شەوو رۆژ لە هەسارەیەکەوە بۆ هەسارەیەکی تر دەگۆڕێت، بۆ نمونە لەسەر ئەو هەسارەیەی ئێمەی لەسەر دەژین زەوی ( ٢٤ ) کاژێرە، بۆچی؟
درێژی شەوو رۆژ پەیوەندی بەو کاتەوە هەیە کە پێویستە بۆ ئەوەی هەسارەیەک یەک جار بە دەوری خۆیدا بسورێتەوە. ئنجا لەبەر ئەوەی زەوی هەر (٢٤ ) کاژێر جارێک بە دەوری خۆیداْ دەسورێتەوە، دەبینین درێژی شەوو رۆژ لەسەر زەوی ( ٢٤ ) کاژێرە. واتە کاتێک تیشکی خۆر دەکەوێتە سەر کوردستان ئەوا لەو کاتەدا لە کوردستان رۆژە، چونکە لەو کاتەدا کوردستان کەوتوتە ئەو بەشەی زەویەوە کە بەرانبەر بە خۆرە، بەڵام زەوی ناوەستێت و وردە وردە بە دەوری خۆیدا دەسورێتە، ئیتر وردە وردە کوردستانیش دەسورێتەوەو پشت دەکاتە خۆرو دەبێت بەشەو، بەڵام زەوی هەر ناوەستێت و دەسورێتەوە تا دوای(٢٤) کاژێر جارێکی تر کوردستان دەگەرێتەوە جێگەی خۆی و دەبێتەوە بە رۆژ.

ئا: محەمەد حامید

# کاتێک گوێمان لە نوکتەیەک دەبێت یان هەڵسوکەوتێکی نامۆ دەبینین، پێدەکەنین. بۆچی؟



پێکەنین چالاکیەکی مێشکی مرۆڤەو کاتێک رودەدات کە شتێکی نامۆ ببینین یان ببیستین. چۆن؟ کاتێک شتێکی نامۆ دەبینین، بۆ نمونە منداڵێکی دو ساڵە وەک پیرەمێردێک هەڵسوکەوت بکات، ئەم دیمەنە دەگوازرێتەوە بۆ مێشک و مێشک بەراوردی دەکات لەگەڵ ئەو زانیارانەی کە لەناویدا هەڵگیراون، ئنجا کاتێک هەستدەکات کە ئەم دیمەنە لەگەڵ رەفتارە کۆمەڵایەتیەکاندا ناگونجێت و گاڵتەجاریە، دەینێرێت بۆ بەشێک لە مێشک کە پێیدەڵێن ( ناوەندی پێکەنین )، ئیتر مێشک وەک پەرچە کردارێک دەستدەکات بە دەرهاویشتنی ماددەیەک کە دەبێتە هۆی دەم پانکردنەوەو پێکەنین. هەمو ئەم کردارانەش لە کەمتر لە یەک چرکەدا رودەدەن. بۆیە لەگەڵ بینینی دیمەنەکەدا یەکسەر پێدەکەنین.

ئـــا: راشنۆ





ئا: غەمگین فەتاح



یاسوجی مۆری

# ورچە گەورەکەی تالاک









ناوی ئەنیمی: ورچە گەورەکەی تالاک
The Big Bear of Tallac
نوسەر: ئێرنست سمپسەن سێتن
وێنەکێش: تاکاوٚ نۆگاوا - یاسوجی مۆری
میوزیک: ناکیهیرۆ کۆمۆری
دەرهێنەر: یۆشیۆ کورۆدا
جۆری ئەنیمی: سەرکێشیی و پەروەردەیی
ماوە: ٢٦ ئەڵقە
ساڵی بەرهەمهێنان: ١٩٧٧
کۆمپانیای بەرهەمهێن: نیپۆن ئەنیمەیشن

کورتەی چیرۆکەکە

(رون) لە هۆزێکی هندیە سورەکانەو لە شاخی (تالاک) لە کالیفۆرنیا لەگەڵ باوک و باپیریدا دەژی. ئەو ناوچەیە بەوە ناسراوە کە ورچی مەترسیداری تێدایە. بەڵام رون زانیارییەکی ئەوتۆی لەسەری نییە. رۆژێک دو بێچووە ورچ دەبینێت و دوایاندەکەوێت و بۆی دەردەکەوێ کە لەگەڵ دایکیان دەژین و ئەمان درندە نین. رون داوا لە باوکی دەکات کە بیانپارێزێت. چونکە ئاژەڵەکانیش بۆ بێچوەکانیان وەک مرۆڤ هەستی دایکایەتییان تێدایە. دوای ماوەیەک خێزانێکی خانەدان بۆ پشو دەچنە ئەو ناوچەیەو کچە بچوکەلەکەیان (ئەلیس) دەبێتە هاورێی رون و پێکەوە لەگەڵ دو ورچەکەدا یاریدەکەن. رۆژێک باوکی رون بە هەڵە دایکە ورچەکە راودەکات و کارەساتێکی ناخۆش بەجێدەهێڵێت. بەمەش بەرپرسیارێتییەکی زۆرتر دەکەوێتە ئەستۆی رون. پاش کارەساتەکە چەند راوچییەک دێنە ناوچەکەو دەیانەوێت دو بێچوە ورچەکە بگرن و راهێنانی سیرکیان پێبکەن تا پارەیان دەستکەوێت. بەڵام خێزانی رون و ئەلیس بەمە قایل نابن. راوچییەکان تۆمەتی ترسناکیی دەخەنە پاڵ ورچەکان و دەڵێن کە زیانیان بە ئاژەڵەکانی ئەو ناوچەیە گەیاندوە. بەڵام دواتر دەردەکەوێت کە ئەوە کاری ورچێکی درندەیە. ئیتر بە هەمویان ورچە مەترسیدارەکە دوردەخەنەوە و دو بێچوە ورچەکەش لە دارستانەکەدا ئازاد دەکەن.



## رون

تەمەنی حەوت ساڵە.
چاودێری ورچەکان دەکات.

## ئەلیس

هاورێی نزیکی رونەو پێکەوە ورچەکان بەخێودەکەن.







کیربان
باوکی رونەو داربڕە.
رۆکی
باپیری رونەو ڕێنمایی بە
رون دەدات.
جاکسۆن
باوکی ئەلیسەو بۆ پشو
هاتۆتە ئەو ناوچەیە.
پینۆ
دایکی دو ورچەکەیەو لە لایەن
کیریانەوە راودەکرێت.
جیل
خوشک و بران.
رون بەخێویان
دەکات.
جاکی
بۆنامی
راوچییەکی ناپاکەو نیازی
لەناوبردنی ورچەکانی هەیە.
ئێلین
بەخێوکەری ئەلیسەو ناهێڵێت
کاری خراپ ئەنجامبدات.
پاکۆ
پێدرۆ
یاریدەدەری بۆنامین.

# دەست و چاوتان خۆش

وێنە: ئیسماعیل عومەر حەسەن



## پەپولەی دلۆڤان


شەیدا یار ئەحمەدی
تەمەن ( ١٢ ) ساڵ
ڕۆژهەڵاتی کوردستان


ڕۆژێک بۆقێک بۆ فریودان پەپولەیەکی بانگکرد بۆ ماڵەکەی. پەپولە داواکەی پەسەندکردو بەرەو ماڵی بۆق بەرێکەوت. کە بینی هەزارپێیەک لەنێو داوی جاڵجاڵوکەدا گیریخواردوە. پەپولە لەگەڵ ژەنگەسورەیەکی هاورێیدا دەستیانکرد بە قرتاندنی داوەکە. لەو کاتەدا کە پەپولەو ژەنگەسورە یارمەتی هەزارپێیان دەدا، بۆق لە ماڵەوە خەریکی سازکردنی داوێک بو بۆ پەپولە. ڕزگارکردنی هەزارپێکە زۆری خایاندو شەو داهات. پەپولە کە بینی ئاسمان تاریکبوە، نەچو بۆ ماڵی بۆق. بۆ بەیانی پەپولە وتی: ببورە پێمنەکرا بێم، بەڵێن بێت ئێوارێ بێم. ئێوارێ باران دایکردو دیسان پەپولە نەچو. بۆق بە خۆی وت " هەر نایەوێ بێتە ماڵی من! خۆ جاری پێشو باران نەدەباری" بۆ بەیانی پەپولە وتی: خۆت دەزانی چ بارانێک بو، دڵنیابە ئەم ئێوارەیە دێم. ئێوارە بۆق لە ماڵێ دانیشتبو، لەبەرخۆیەوە دەیوت " ئەمجارەش نایەت و پێویست ناکات داوی بۆ دانێم". لەم کاتەدا لە دەرگە درا. خێرا دەرگەی کردەوە، بینی پەپولەیە. بۆق هەرچەندە پەرێشانبو، بەڵام بە جوانیی میواندارییی لێکردو ئەو ئێوارەیان بە خۆشی ڕابوارد. پەپولە دڵخۆشبو کە ئەرکەکەی بەجێهێناوەو بۆتە میوانی بۆق، بۆقیش دڵخۆشبو کە میوانێکی دڵپاکی هاتووە.



سیڤدا سیدو / ( ٨ ) ساڵ - بازیان



ئەستێرە ئەحمەد/( ٩ ) ساڵ - سلێمانی

# فڵچەی ددانەکەم




شنیار محەمەد
پۆلی پێنجەم
قوتابخانەی کانی بنەڕەتی


فڵچە فڵچە جوانەکەم
پارێزەری ددانەکەم
تۆ میکرۆب لەناودەبەی
دەم و دانم پاکدەکەی
دایک و باوکی ئازیزم
بە زویی فێریانکردم
چۆن تۆ بە دەستەوە بگرم
هاورێیان، ئێوەش وەک من
ئامۆژگاریی وەربگرن
ددانتان پاک رابگرن







سۆنیا عەبدوڵا/(١٢) ساڵ - سلێمانی





دلین سەلام /(٨) ساڵ - سلێمانی





ئارا نەوزاد / (١٠) ساڵ - سلێمانی





بان دانا / ( ٤ ) ساڵ - سلێمانی



# QELEMÛN Û KELEŞÊR

Komelê qelemûn xoyan gîv kirdibowe û beyekewe deyan wit: elu elu elu. Xoyan zyatir fiş dekirdewe û balekanyan le zewîyeke dexşan, seru potelakyan sûr û lutyan şorkirdibowe. Lewlaşewe komelê mirîşk û keleşêr bedway xwardin da degeran, carubar keleşêrêk ştêkî dedozîyewe qirte qirtî dekird boewey mirîşkêk bêt û bîxwat. Lepir keleşêrêk denkê genimî dozyîewe û destîkrid be qirte qrit. Lewlawe qelemûnêk hat û denke genmekey lêsend û xwardî. Keleşêre qaç estûreke ta twanî be herdû qaçî kêşay be qelemûneke da. Qelemûnekanî tir pêkewe çûn bo keleşêreke û be denûk serupotelakî keleşêrekeyan brîndar kird. Keleşêreke be pelepiruzê xoy le destyan rizgar kird û raykird, Îtir em rûdawe bû be (Pend) êk û her katêk çend kesêk bê ewey gwê be mafî kesanî tir biden û xoyan le ştêk hel qurtênin pêyan delên "delêy qewmî qelemûnin".

**Mihemed Rehîm Remezan / Nîrwanî**
**Wêne: Îsma'îl Omer Hesen**
**Latînî: Salih Bêçar**

Aa ا،ئا Bb ب C ج Ç چ Dd د Ee ه Êê ێ Ff ف Gg گ Hh ھ Î ى،ی ئی :ا ـــ Jj ژ K ك L l ل M m م
N n ن O ۆ P پ Q,q ق R r ر s س ş ش T,t ت Û وو v ڤ W,u و X خ y,î ى Zز

# English Club



F_ _ _ _



N_ _ _ _



S_ _ _ _



F_ _ _ _ _



B_ _

## The Fence

There was a boy who had a bad temper. His father gave him a bag of nails and told him that every time he lost his temper, he must hammer a nail into the back of the fence.The first day the boy had driven 37 nails into the fence. Over the next few weeks, as he learned to control his anger, the number of nails hammered daily gradually dwindled down. He discovered it was easier to hold his temper than to drive those nails into the fence... Finally the day came when the boy didn't lose his temper at all. He told his father about it and the father suggested that the boy now pull out one nail for each day that he was able to hold his temper. The days passed and the young boy was finally able to tell his father that all the nails were gone. The father took his son to the fence and said,"You have done well, my son, but look at the holes in the fence. The fence will never be the same. When you say things in anger, they leave a scar just like this one. It won't matter how many times you say I'm sorry, because the wound is still there. "



## پەرژین

کوڕێک هەبو کە سروشتێکی خراپی هەبو. باوکی تورەکەیەک بزماری پێداو پێی وت هەرکاتێک هێمنی خۆی لەدەستدا، پێویستە بزمارێک بە پشتی پەرژینەکەدا داکوتێت. لە ڕۆژی یەکەمدا کوڕەکە ٧٣ بزماری بە پەرژینەکەدا داکوتی. دوای چەند هەفتەیەک کە فێربو دەست بەسەر تورەیی خۆیدا بگرێت، وردە وردە ژمارەی بزمارە داکوتراوەکان ڕۆژانە کەمیدەکرد. هەستیکرد کە دانبەخۆداگرتن ئاسانترە لە داکوتینی بزمار بە پەرژینەکەدا. لە کۆتایدا ئەو ڕۆژە هات کە کوڕەکە چیتر تورە نەدەبو. سەبارەت بەو کارەی بە باوکی وت و باوکیشی پێشنیازیکرد کە کوڕەکە بۆ هەر ڕۆژێک دانبەخۆداگرتن بزمارێک لە پەرژینەکە دەربهێنێت. ڕۆژەکان تێپەڕین و لە کۆتایدا کوڕە لاوەکە توانی بە باوکی بڵێت کە سەرجەم بزمارەکان دەرهاتون. باوکەکە کوڕەکەی برد بۆ لای پەرژینەکەو وتی: ئیشێکی باشتکرد کوڕم، بەڵام تەماشای کونەکانی سەر پەرژینەکە بکە. پەرژینەکە وەکو جاران نییە. کاتێک تۆ شتێک بە تورەییەوە دەڵێیت، جێ برینێک وەک ئەمە بەجێدەهێڵێت. گرنگ نییە چەند جار داوای لێبوردن دەکەی، چونکە جێ برینەکە هەر دەمێنێت.

لە لاپەڕەکانی تردا بمانـدۆزەوە.



لە تابلۆکەی سـەرەوەدا ئەم وێنانە بدۆزەرەوە.



# هاوڕێیانی پەپولە


هەنار کەریم


دارین محەمەد


تینا گۆران


لەنیا کامەران


بەهەند بەهێز


بەهەست بەهێز


ژۆنا ئەفشین


پروشە ئەیوب


پڕژە ئەیوب


ساڤۆ سالم


نیگا نامیق


نوێکار سالار


کاردین سەباح


رودین سەباح


ئۆریان هەستیار


ئەریا ئەکرەم


ژولیا ئەکرەم


شا ئەبو بەکر

# جاری داهاتو باشتر دروستیده‌که‌م



بەرگی یەکەم و دووەم: غەمگین فەتاح

نرخی (١٠٠٠) دینار